کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

15-9-2007 23:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەروێشی ... بەکر حەبیب**

گیانە زریباریٔ ئەمشەو لەناوەندی دڵدا هەڵساوە
ئابلۆقەی سەرتاپالەش و دییەکانی وەها داوە
گەر ڕانەگەی بەهانایی جەستەی هیلاکی ئەم بەندە
دەگریٔ بە یەخسیر تەمەنی لاوی یەخسیری شەرمەندە
تۆ ترۆپکی شیعرەکان و قامەت و گڵکۆی ئەوینی
هیوا بەخشی شەوی یەڵدا و خۆری گەشی سەرزەمینی
بۆ ئەسرینی چاوەکانم تاکە هاوەڵ و فریاڕەس
دەواری ڕۆحی ماندوومی لە هەڵدێرا کاتی هەرەس
تیماری دەردی بیٔدەرمان ڕابەری لاشەی پێکراوم
هەماهەنگی غەریبی من هەناسەی گەرووی تاساوم
گۆچانی پیری و زەلیلی تاکە تروسکەی دووچاوم
نوێژی شەوانەی دەروێشیم بۆ تۆیە هەتاکو ماوم
ئەگەر ئەم زامەی کە هەمە نەگریتە ئەستۆ بەجاریٔ
زەوی کۆچ دەکات بۆ سەریٔ ئاسمانیش دەبێتەخواریٔ
بگرە دەستی لەرزۆکی من عاشقی قامەت و باڵا
مەڵیٔ شێت و خەڵەفاوە هەرزەیە و خەوی بەتاڵە
زەمەن ئاوا جیٔدەستی خۆی لەڕوخسارما نەخشاندوە
بەڵام گیانی ئەوینداری نەمرە و هەردەم زیندووە
بۆیە دەڵێم لەم شەوەدا زەماوەندی عەشق دەگێرم
دروودی خۆشەویستی دڵ بۆ تۆو و بۆ خوا دەنێرم

//////////سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.